به ناوى خواى بهخشنده و ميهرهبان

هەرێمی کوردستانی عێـراق
سـەرۆکایەتی هەرێـم
سـەرۆك

به نـاوى گەلـەوه
بڕيـــار
ژماره (٣) ساڵى ٢٠٠٧

## ياساى وەزارەتى كشتوكاڵى هەرێمى كوردستان ـ عێراق

بـــه پێـی ئـــەو دەســـەڵاتەی لـــە بـــڕگـــەی (١)ی مـاددەی (١٠)ی (یاســـــای ســـــەرۆکایەتی هـــەرێمی کوردسـتان – عێـــراق)ی ژمـاره (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هـەموارکراو پێمـان دراوەو، بـه پاڵپـشتی ئـەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیـشتمانی کوردسـتان – عێـراق کردویـەتی لـە دانیـشتنی ژمـارە (١)ی لـە ٢٠٠٧/٣/٢٦ بریارمانــدا بە دەرکــردنی:

## ياساى ژماره ( ١ )ى ساڵى ٢٠٠٧
## ياساى وەزارەتى كشتوكاڵى هەرێمى كوردستان ـ عێراق

**ماددەى يەكەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم** : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:وەزارەت** : وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری کشتوکاڵ.

**چوارەم: بریکاری وەزارەت** : بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ.

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەت.

### - ئەرك و فرمانەكانى وەزارەت -

**ماددەى دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** دانانی پلانی کشتوکاڵی وا کە گەشەسەندنی بەروبوومی کشتوکاڵی بە هەردوو لایەنی رووەکی و ئاژەڵی بەدیٔ بهێنیٔ .

**دووەم:** پێـشکەش کردنـی رێنمـایی و فەراهـەمکردنی پێداویـستیەکانی بـەروبوومی کـشتوکاڵی وئەنجامـدانی لێکۆڵینەوەی کردەنی کشتوکاڵی وسەرپەرشتی پیادەکردنی یاسا بەکارهاتووەکان لەگەڵ بـەدوا داچـوون وجێبەجی کردنی ئەو چالاکیانەی کە پەیوەندیدارن بە وەبـەرهێنانی زەوی وزاری کـشتوکاڵی و پاڵپـشتی کردنیان بە نیازی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی لە هەرێمدا.

**سێیەم:** لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پرۆژەکانی وەزارەت ئامادە دەکات ونەخشەیان بۆ دەکێشی وبەرنامـە دادەنیٔ وکاردەکات لە پێناو جێبەجیٔ کردنیان یان بە جێبەجیٔ کردنی راستەو خۆ یان لەلایەن لایەنەکانی تر لە ناوهەرێم یادەرەوەی دا وبەدواداچوونی جێبەجیٔ کردنی سەرپەرشتیان دەکات.

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**چوارەم:** پشتگیریی کردن لە کەرتی تایبەتی وهاندانی وەبەرهێنانی پرۆژەکان و دامەزراندنی کارگە وتاقیگە و کارگەی تایبەت بە بەروبوومی کشتوکاڵی بە هەردوو لای ئاژەڵی و رووەکی.

**پێنجـەم:** پشتگیریی کردنی بانکە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمدا و دەرچوواندنی رێنمایی پێویست بۆ کار ئاسانکردنی وئەمەش بە هاوئاهەنگی کردن دەبێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری لەهەرێمدا.

**شەشەم:** کارکردن لە پێناوی فەراهەمکردنی تۆوی چاککراو وپەینی کیمیایی وقڕکەرەکان و دابین کردنی داودەرمان وئامێری کشتوکاڵی وگرتنەبەری رێگای وا کە زیاد کردنی بەروبووم وچاککردنی دەستەبەر بکات.

**حەوتەم:** کارکردن لە پێناوی ژیاندنەوەی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵی وپاشکۆکانی و پەرەپێدانی لە هەرێمدا وکارکردن لە پێناوی فەراهەمکردنی دەرمان وپێکوتانەکانی بەیتەری وگرتنەبەری شێوازی زانستی بۆ چارەکردنی نەخۆشی درم (ساری)و پاراستنی ئاژەل لێیان.

**هەشتەم:** کارکردن و نەخشەکێشان بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەردو نەخۆشی کشتوکاڵی وگرتنە بەری هەموو رێگایەك بۆ پاراستن لەو نەخوشییانە وچارەکردنیان.

**نۆیەم:** گرنگی دان بە سامانی ماسی وبە خێوکردنی هەنگ.

**دەیەم:** گرنگی دان بە بەروبوومی کشتوکاڵی وکارکردن لە پێناوی رێکخستنی عەمبارکردنی وناردنە بازاڕی.

**یازدەم:** گرنگی دان بە نەمامگەکان ولەوەڕگا ودارستانی سروشتی ودەست چێن وپاراستنیان،چونکە سامانی نیشتمانین،هەروەها پشتگیری کردنی پاوانی سروشتی.

**دوازدەم:** دەسنیشان کردنی سنووری دارستانەکان وجۆرو پۆلەکانیان بە پێی یاسایەکی تایبەت کە کاروباریان رێك بخات لەگەڵ رێکخستنی هەموو مەسەلەیەکی پەیوەندیی بەدارستانەوە هەبێ لە هەرێمدا.

**سێزدەم:** پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسایی نوێ بۆ چارە سەرکردنی کێشەی زەوی وزار بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ واقیعی ئێستاو دوا رۆژی کوردستاندا بگونجێ.

**چواردەم:** گەشە پێکردنی داهاتی بەشەری لە بواری ڕاهێنانی کادیری جوتیاری وکشتوکاڵی لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکانیان.

## - پێکهاتەکانی وەزارەت-

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:-

**یەکەم: وەزیر**: سەرۆکی باڵاو بەرپرسی کاروبارو ئاراستەکردنی سیاسەتی وەزارەتەکەیە وهەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییەکیش کە پەیوەندییان بە ئەرك وفرمان وپێکهاتەو دەستەڵاتەکان وکاروباری دیکەی هونەری ودارایی و کارگێڕی رێکخستنی وەزارەتەوە هەیە لەوەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچێ و بەرپرسە بەرامبەر  بە ئەنجومەنی وەزیران بەوناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەو بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەکانی بە بریکاری وەزارەت یا بە بەڕێوەبەرەگشتییەکان یاخود ئەوەی لە وەزارەت بەشیاوی دەزانێ بسپێرێت.

**دووەم: بریکـاری وەزارەت:** یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت وسەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ، مەرجیشە خاوەن بڕوانامەی بەرایی پسپۆریی زانکۆ بێت وخاوەن شارەزایی کارامەییش بێت.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر بە مەرجێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقائیعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**چوارەم :نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات كە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: راوێژكاران:** ژمارەیان لە چوار كەس زیاتر نابێ وەدەبێ خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆبن و خاوەنی شارەزایی و كارامەیی بن.

**شەشەم :بەڕێوەبەرایەتی گشتی كارگێڕیی و دارایی:** بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات وبەڕێوەی دەبات كە خاوەنی بروانامەی بەرایی زانكۆ بێت وخاوەنی شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**حەوتەم :بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پلاندانان وبەدواداچوون:** بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات وبەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەنی شارەزایی وكارامەییش بێت لە كارەكەیدا.

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزاری كشتوكاڵی:**بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزگەریی ودارستان ولەوەڕگاكان:**بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات وبەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**دەیەم :بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێكۆڵینەوە ورابەریی كشتوكاڵی:**بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**یازدەم :بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵی وبەیتەری:** بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**دوازدەم :بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاریی كشتوكاڵی:** بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**سێزدەم :بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكان لە مەڵبەندی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستاندا :**هەریەك لەمانە بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات وبەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی بێت تاكو سەرپەرشتی جێبەجێ كردنی پرۆژە كشتوكاڵیەكـــان لە پـــارێزگاكەی دا بـــكـــات و بەڕێوەبەرایەتی و لقە كشتوكاڵی یەكان لە سنووری هەر پارێزگایەك لەو پارێزگایانە پێوەی دەبەسترێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم: ئەنجومەنی وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

١— **وەزیـر:** سەرۆكە.

٢— **بریكاری وەزارەت:** ئەندامە و لەكاتی نەهاتنی وەزیر سەرۆكایەتی ئەنجومەنەكە دەكات.

٣ـ **راوێژكاران:** ئەندامن.

٤ـ **بەرێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەت:** ئەندامن

٥—**سەرۆكی كۆمەڵانی جوتیاران لەكوردستان** : ئەندامە

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە نوێنەری وەزارەتەكانی تریش كە پەیوەندیداربن یان شارەزای تر لە دەرەوەی وەزارەت لەكاتی پێویستدا بخاتە سەر ئەنجومەنەكە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم:** ئەرك و تایبەتمەندییەكانی وەزارەت بەپێڕەو دەسنیشان دەكرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەرێوەبەرایەتی یان لق یان بەش یان هۆبە یاخود یەكەی دیكە لە ناو پێكهاتەی وەزارەت لە نوێ دابنێ یان لێكیان بدات یان هەڵیان وەشێنێتەوە بەپێی پێویستی كار لەكاتی پێویستدا.

**ماددەی شەشەم:**

یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ وئاودێری ژمارە (١٠)ی ساڵی١٩٩٢و هەموارکراوەكانی هەڵدەوەشێتەوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**
وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**
کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی نۆیەم:**
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) بلاْودەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هەولێر**
١٤/ نەورۆزی / ٢٧٠٧ی کوردی
٣/ نیسانی/٢٠٠٧ی زایینی
١٥/ ربیع الأول / ١٤٢٨ی کۆچی

**- هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -**

بەمەبەستی پەرەپێدان و چاککردنی بەربوومی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست و دروست بۆ ئەو تەگەرانەی ڕێگرن لەبەردەم بەکارهێنانی توانای سروشتی و ماددەی و بەشەری لەکوردستان و لە پێناو ئامادەکردنی ئاوو هەوای لەبار بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵی و بەدیهێنانی ئیکتیفای زاتی و ئاسایشی خۆراکی و هاندانی کۆچکردنی پێچەوانە(لەشارەوە بۆ لادێ) تاکو خەڵکی لە گوند و دێهاتی کوردستان بگەنە ژیانێکی باشتر و ئاوەدانکردنەوەی وڵات ولە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەوانەی لەسەرەوەدا هاتوون ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com